## بروسکەی پیرۆزبایی

بەبۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی کەسوکارو ڕۆڵەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و خانەوادە سەربەرزەکانیان دەکەین، لە خوا داواکارین ئەم جەژنە بەخێرو خۆشی بەسەر هەموو لایەک بگێڕێتەوە و هەموو ساتەکانی ژیانیان پڕبێت لە کامەرانی و خۆشگوزەرانی، بەم بۆنەیەوە بەڵێن دووپات دەکەینەوە هەردەم پێشمەرگەی خزمەتکردنی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان بین و هەموو هەوڵێک بخەینەگەڕ بۆ خۆشگوزەران و باشترکردنی باری ژیانیان. جارێکی دیکە پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکەین.

**د. مەجید حەمەدەمین جەمیل**
**وەزیری کاروکاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان**

## کەمئەندامانی سەنگەر هاوکاری دەکرێن

**خەبات- کەیفی:**
بەبۆنەی نزیک بوونەوەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز و ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانیان، دوێنێ بەئامادەبوونی پشتیوان سادق بەرپرسی لقی 2 و سەرۆکی ڕێکخراوەکە، ڕێکخراوی کەم ئەندامانی سەنگەر بەهاوکاری لقی 2 لە ناو بارەگای ڕێکخراو هاوکاری و یارمەتی بەسەر ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ڕێکخراوەکە دابەشکرد. لەمیانی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی 2 وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا ڕۆڵ و خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان و پاراستنی سەروەرییەکانی گەلی کورد قوربانیان داوە بەرز هەڵسەنگاند، هەروەها تەئکیدی کردەوە ئەرکی هەمووولایەکمانە زۆرترین خزمەت پێشکەش بەم توێژانە بکەین.

## 15ی ئەیلوول چاوپێکەوتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانە ئەنجامدەدرێت فۆڕمی پەیمانگەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەیان پڕکردۆتەوە

**خەبات/دلێر ئیبراهیم:**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەکان و مەشقکردن لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری سەرجەم ئەو قوتابی و خوێندکارانە دەکاتەوە کەفۆڕمی وەرگرتنیان لەپەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆکردۆتەوە لەڕۆژی 15ی ئەم مانگە، لەو پەیمانگانەی فۆرمیان لێوەرگرتووە، تاقیکردنەوەو چاوپێکەوتن ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و وەرگرتنیان. پەیمانگەکانیش بریتین لەپەیمانگەکانی (کۆمپیوتەر، هونەرە جوانەکان، پەروەردەی وەرزشی، گەشتووگوزار) لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا.

### لەڕۆژانی جەژندا هەزاران گەشتیار ڕوو لەهەولێر دەکەن

# بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر: پلانێکی توندی ئەمنی بۆ پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان جێبەجێ دەکەین



**خەبات/کارزان حەیدەر:**
لەهەر سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، چاوەڕێ دەکرێ هەزاران گەشتیار لەناوەڕاست و خوارووی ئێراق و دەرەوەش ڕوو لەهەرێمی کوردستان و بەتایبەت هەولێر بکەن، پۆلیس هەولێریشی بۆ پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان پلانێکی ئەمنی توند جێبەجێ دەکات. عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەیەکی فراوانی هێزەکانی پۆلیس لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەڕێوەچوو بۆ پێداچوونەوە بەو بەرنامە و پلانە ئەمنیەی کە بۆ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز دانراو سەرکەوتووانە بەپەنای خوای گەورە جێبەجێکرا، هاوکات پلانێکی ئەمنی بۆ هەر سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز دارێژرا، بۆ جێبەجێکردنی ئەوپلانەش، هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی و هێزی ئامادە و نوسینگەی نەهێشتنی تاوان و پۆلیسی ڕێککاری و پۆلیسی ناوشار و سەرجەم هێزە ئەمنیەکانی شاری هەولێر بەشدار دەبن. وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: چاوەڕوان دەکرێت گەشتیارێکی زۆر لە ناوەڕاستی و باشووری ئێراقەوە سەردانی هەولێر و شێونە گەشتیاریەکان بکەن، پلانێکی ئەمنی تایبەتیش بۆ پاراستن و هاوکاری ئەوان دارێژراوە. هاوکات هێزەکانی پۆلیس ئاسایش و ئارامی ئەو 6 گۆڕستانە گەورەی شاری هەولێر و دەوروەبری دەپارێزن کە ڕۆژانی عەرەفە و یەکەم ڕۆژی جەژن هەزاران لە خەڵکی سەردانی مەزاری خۆشەویستانیان دەکەن بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر داوای لە هاووڵاتیانی شاری هەولێر کرد تەقەی خۆشی نەکەن و قەدەغەیە، هەر کەسێک تەقە بکات، لێپرسینەوەی توندی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، دوکاندارەکانی نێو شاریش دەبێ پابەندی ڕێنمایەکان بن بۆ نەفرۆشتنی یاری ئاگرینی منداڵان، هەر بەو بۆنەشەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر پیرۆزبایی جەژن لەتەواوی خەڵکی شاری هەولێرکرد، هیوای خواست ئەو جەژنە بەخۆشی و شادی بەڕێ بکەن.

## ئاگادارییەک لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بۆ دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە 2010/9/8 لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە هەرێمی کوردستان بە هەمانگی لەگەڵ دیوانی وەقفی سوننەی ئێراقی لە بەغدا لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف لە شاری هەولێر کۆدەبێتەوە، بۆیە داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین لەو ئێوارەیەدا چاودێری بنینی مانگ بکەن، هەر کەسێک مانگی بینی با پەیوەندی بکات بە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و یاخود نزیکترین یەکە ئیداری سنووری نیشتەجێبوونی خۆی.

**لیژنەی باڵای بینینی مانگ 2010/9/7**

## 627 کیلۆ گۆشت و جەرگی مریشکی بەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا

**خەبات:** بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرەی هەولێر دەستی بەسەر زیاتر لە 627 کیلۆ گۆشت و جەرگ بەسەرچوودا دەگرن. د. حامید محەمەد قادر بەڕێوەبەری بەیتەرەی هەولێر ڕایگەیاند: لەهەڵمەتێکدا لەنێو شاری هەولێر دەست بەسەر 120 کیلۆ جەرگ مریشکی هاوردەکراو و 31 کیلۆ گۆشت سووری نەشیاو بۆ بەکارهێنان و 476 کیلۆ گۆشتی سووری بێ مۆردا گیراوە، تەواوی ئەو بەرووبوومە بەسەرچووانەش لە 49 کۆگاو شوێن فرۆشتنی بەرووبوومی ئاژەڵی دەستیان بەسەرداگیراوەو بە دووملیۆن و سێ سەدو پەنجاو نۆ هەزار دیناریش خاوەنەکانیان سزادراون.

## بۆ وەرگرتنی 25 کورسی خوێندن لەزانکۆی سانتیاگۆ

### سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەچێتە ئەمەریکا

دوای ئیمزا کردنی پرۆتۆکۆلی وەرگرتنی 25 کورسی خوێندنی باڵا لەنێوان سکرتێری یەکێتی قوتابیان و بەرپرسی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانی زانکۆی سانتیاگۆ لە ڕۆژی /2010/6 23 لە هەولێری پایتەخت، عرفان عەزیز عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەهۆڵی شەهید مەئمون دەباغ لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئامانجی گەشتکردنی خۆی لە دوو ڕۆژی داهاتوودا ڕاگەیاند و باسی لەوەکرد ئەو پرۆتۆکۆڵە دەچێت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تەواوی کاروبارە فەرمییەکاین ئەو 25 کورسیە جێبەجێ دەکات، جگە لەوەش 12 کۆبوونەوەی بەرفراوان لە 7زانکۆی دیکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساز دەکات لەگەڵ قوتابیانی کورد و ئەمەریکیش، شایانی باسە بڕیار وایە لەسەر ئاستی باڵای پەروەردەیی و سیاسیش چاوی بە چەندین کەسایەتی دیکە بکەوێت تاکو لە نزیکەوە ڕەوشی خوێندن و گوزەرانی باشی قوتابیانی کوردستان لە سایەی سیستەمی تازەی پەروەردەیی بگەیەنێت بەجیهانی ئەمریکی.

## کڵێسای مارگۆرگیس خوانێکی ڕۆژوشکاندنی بۆ موسڵمانانی دەڤەری سۆران ساز دەکات

**خەبات/ڕەنجبەر بەرزنجی-ن- سۆران:**
وەک ڕێزگرتنێک بۆ موسڵمانانی سنوورەکە کڵێسای مارگۆرگیس لە شارۆچکەی دیانا بۆ ساڵی دووەم بە ئامادەبوونی قایمقامی قەزای سۆران و بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران و، بەرپرس و نوێنەرانی دامودەزگاکان و کەسایەتییەکانی سنوورەکە خوانێکی ڕۆژوو شکاندنی سازکرد،تێیدا وەیسی سەعید وەیسی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران ستایشی ئەو دەستپێشخەرییەی کڵێسای مارگۆرگیسی کردو بەهەنگاوێکی گرنگی دانا بۆ زیاتر پتەوکردنی برایەتی موسڵمان و مەسیحییەکان و بە نموونەیەکی پێکەوە ژیانی لە سنوورەکە وەسف کرد، هەروەها هەر لە درێژەی کارو چالاکییەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوەو بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی زانایان و قایقامی قەزای سۆران و لقی سۆرانی یەکێتی زانایان و بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران و جەماوەرێکی زۆر، سێیەمین پێشبڕکێی قورئانی پیرۆز هاتە ئەنجامدان. کە تێیدا دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز لە چەند وتەیەک دا باس لە گەورەیی شەوی قەدری پیرۆز و قورئان کرا و پاشان خەڵات و دیاری بەسەر 23 بەشداربووی ئەم پێشبڕکێیە دابەشکران.

### ئەو کۆمپانیایانەی ململانێ دەکەن دەبێ مەرجی پێویستیان تێدابێ

## کارگەی ڕیسایکلین لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت

بەمەبەستی وتوێژکردن لەسەر چۆنیەتی پاککردنەوەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دامەزراندنی چەند کارگەیەکی ڕیسایکلین لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار لەگەڵ جێرمی ماکادی کونسولی گشتی بەریتانیا لەهەولێر و دەڤید سپۆرس سەرۆکی کۆمپانیای سپیکترەمی بەریتانی کۆبۆوە، لەم کۆبوونەوەیەدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئاماژەی بەوەکرد، پاککردنەوەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان و چارەسەرکردنی ئەو پاشماوانە بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە، لە ئەولەویەتی بەرنامەو کاری وەزارەتی ئێمەیە و بەرنامەیەکی زۆر چڕو پڕمان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە دارشتووەو ناوچەکانمان دابەشکردووە بەسەرچەند زونێکدا بۆ ئەوەی بتوانین خاشاکی ئەو ناوچەیە لە شوێنانە کۆبکرێتەوەو هەر لەو شوێنانەش چەند چەند کارگەیەکی ڕیسایکلین دابمەزرێنین بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو پاشماوە خاشاکانە بکات، وەزیری شارەوانی لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە بەرنامەی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بەڕێگەی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان پێویستیان تێدا دەبێت و خاوەنی ئەزموون بن لەم بوارەدا هەروەها دەبێت ئەو مەرجانەی لە کۆنتراکتەکاندا هەردوولا ئیمزای لەسەر دەکەین پێوەی پابەند بن، ئەمە بێجگە لەوەی دەبێت ئیمکانیەتی ئەوەیان هەبێت کە ئامێرو تەکنەلۆژیای سەردەم بەکاربهێنن، لەلایەکی دیکەو سەبارەت بەئامانج لەم پڕۆژەیە، وەزیری شارەوانی باسی ئەوەی کرد کوردستان خاوەنی ژینگەیەکی پاکەو دەمانەوێت هەر بەپاکی بمێنێتەوە بۆیە ئەگەر ئەو کۆمپانیایەی ئەم کارە دەکات تواناکانی لەئاستی پێویست نەبن، ئەوا هەم خۆی زەرەر دەکات و هەم ئێمەش.

## لەهەولێر باوکێک کوڕەکەی خۆی دەکوژێ



گەنجە کوژراوەکە

**خەبات: تایبەت**
ئەو باوکەی کوڕەکەی خۆی کوشتبوو گوتی: کوڕەکەم سەرەڕۆبوو، ساڵانێکە کێشەو گرفتم بۆ دروست دەکات، بۆیە کوشتم، لەوەش پەشیمان نیم کە کوشتوومە. پێرێ شەو لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر باوکێک کوڕەکەی خۆی کە لە تەمەنی 26 ساڵیدا بوو کوشت. موقەدەمی ماف جەمیل محەمەد ئەمین سورچی ئەفسەری نووسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن سەر بە ڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی هەولێر ئاشکرای کرد: کاتژمێر 6:30ی ئێوارەی پێرێ، لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر باوکێک کوڕەکەی خۆی لەسەر سەرەڕۆیی و نانەوەی کێشەو گرفت بۆی، کوشتووە، دوای تاوانەکەش خۆی تەسلیم بە پۆلیس کردووە، ئێستا ناوبراو بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزاکان بەندکراوە. باوکەکەش کە ناوی (ع.ح.م) بەو تەمەنی 56 ساڵە و کاری بۆڕیچیەتی دەکات، دەڵێ پەشیمان نیم لە کوشتنی (س)ی کوڕم، چونکە هێندە بێزاری کردبووم بە کێشەو گرفتەکان، ژیانی لێ تێکدابووم.

## لەڕۆژانی جەژندا پارک و باخچەکانی هەولێر کراوەن



لەرۆژانی جەژن پارک و باخچەکانی شاری هەولێر دەرگاکانیان بەڕووی هاووڵاتیاندا کراوە دەبێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن سەردانی پارک و باخچەکان بکەن و چەند ساتێکی خۆش لەوێ بەسەربەرن. لەمبارەیەوە نزار عومەر بەڕێوەبەری پارکەکانی هەولێر ڕایگەیاند: لەڕۆژانی جەژن دەرگای باخچەو پارکەکان تا درەنگانی شەو کراوە دەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان و میوانە خۆشەویستەکان بتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن و لەوێ چەند کاتێکی خۆش بەسەربەرن. هەروەها ناوبراو گوتی: ئێمە بەردەوام دەرگای باخچەو پارکەکانمان بەڕووی هاووڵاتیان و میوانە خۆشەویستەکان کرایەوە، لەبەرەبەیان تاوەکو درەنگانی شەو، بۆ ئەوەی سەردانی بکەن و کاتێکی خۆش لەوێ بەسەربەرن، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی هاووڵاتیان لەڕۆژانی جەژنیش پارک و باخچەکان کراوە دەبن تاوەکو درەنگانی شەو بۆ ئەوەی هاووڵاتیان سەردانی بکەن.

## هەولێر.. سووتانی ئۆتۆمبێلێک



**خەبات- محەمەد عەبدوڵڵا:**
دوێنێ کاتژمێر11ی پێش نیوەڕۆ لەناوچەی پیشەسازی باشوور لەهەولێری پایتەخت، ئۆتۆمبێلێکی جۆری مارسیدس ئاگری تێبەربوو، لەئەنجامی کەمتەرخەمی لەدانانی بەنزین لەنزیک بریشکی ئاگری کۆسەرەدا. هەرچەندە ئۆتۆمبێلێکی ئاگرکوژێنەوە توانی ئاگرەکە کۆنترۆڵبکات، بەڵام زیانێکی ماددی زۆر بەر ئۆتۆمبێلەکە کەوت.

# هەردوو وەزیرانی پەروەردەی کوردستان و تورکیا جەخت لە پەیوەندییەکانیان دەکەنەوە

لە سۆران 14 خێزانی گەڕاوەی وڵاتی ئێران کرێی ڕێگایان بۆ سەرف دەکرێتەوە

**ڕەنجبەر بەرزنجی-ن.سۆران:**

لەبەردەوامی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری کردن و گەڕانەوەی ئەو پەنابەرانەی کە ماوەی چەندین ساڵە لەئێران ژیاون و بەردەوام ساڵانە بەشێکی زۆری ئەو گەڕاوانە بەرەو خاکی پیرۆزی کوردستان دەگەڕێنەوە بە مەبەستی کارئاسانی و هاوکای ئەو گەڕاوانە نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی سۆران بەهاوکاری ڕێکخاوی IOM هەستا بە خەرجکردنی کرێی گواستنەوە بۆ 14 خێزانی پەنابەرهەر لەو شارەی کە لە ئێران تێیدا نیشتەجێبوونە تاکو هاتنەوەیان بۆ شوێنی نیشتنەجێبوونیان لە ک ودرستان ئەمەش 14 خێزانی گەڕاوە کە لەمانگەکانی 7,6,5,4 گەڕاونەتەوە کوردستان دەگرێتەو.ە شایانی ئاماژە پێدانیشە بڕی پارەکە بەپێی شوێنی دانیشتنی ئەو خێزانانە بووە لەو شارەی کە لێوەی هاتوون.

*************************

هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی بەغدا و هەرێم کار بە فۆڕمی ئەلیکترۆنی دەکەن

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان کار بۆ تەواوکردنی کارەکانی تایبەت بە فۆڕمی ئەلیکترۆنی لە ناوەندی وەرگرتنی خوێندکاران بۆ ساڵی تازە خوێندن دەکەن. بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و بەدواداچوون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند: وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ژمارەیەک پسپۆڕ و شارەزای بۆ بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و هەڵسەنگاندنی سەر بەوەزارەت ناردووە، بەمەبەستی تەواوکردنی کارەکانی تایبەت بە فۆڕمی ئەلیکترۆنی. د.محەمەد سابیر بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و بەدواداچوون لەزاری د.سەلام خۆشناو بریکاری وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی ناوەند گواستیەوە کە ئەم پرۆگرامەی تازەیە بۆ خوێندنی 2010-2011 کاری لەسەر دەکرێت، لەچوارچێوەی هەماهەنگی و هاوکاری زانستی و ئەکادیمیەکانی هەردوولادا بە ئامانجی خزمەتکردن بە خوێندکاران بە گشتی و ڕەوتی پێشکەوتنخوازی لە تەواوی ئێراق و هەرێمی کوردستان.

*************************

*********************